نوێژی وتر ئەنجامبدەن، پێش ئەوەی بەیانیتان بە سەردا بێت

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نوێژی وتر ئەنجامبدەن، پێش ئەوەی بەیانیتان بە سەردا بێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

نوێژی وتر بەشێکە لە شەو نوێژکردن، کە کۆتایی بە شەو نوێژ ئەنجامدان دەهێندرێت بە ئەنجامدانی نوێژی وتر کە ڕکاتێکە یان ئەگەر لە گەڵ دوو ڕکاتی تر ئەنجامبدرێت دەبێت بە سێ ڕکات، هەروەکو چۆن نوێژەکانی ڕۆژ کۆتایی پێدەهێندرێت بە نوێژی مەغریب کە وتر وتاکە، بۆیە ئەم فەرموودەیە ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە کاتی نوێژی وتر ئەنجامەدرێت پێش دەرکەوتنی ئاسۆی بەیان -الفجر الصادق- کە کاتی بانگی بەیانییە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11275